نێچیرڤان بارزانی:

پڕۆژەیاسای بودجەی عێراق خراپترین ڕەشنووسی پڕۆژەیاسای بودجەی عێراقە

سیستەمێکی بایۆمەتریی زۆر ڕێکوپێکمان هەیە و هەرچی مووچەخۆرانی کوردستان هەیە لەو سیستەمەدا جێگیرکراون

بە بیستنی هەواڵی نەخۆشکەوتنی کاک کۆسرەت نیگەران و خەمبار بووین

دوای کۆبوونەوەی دوێنێ دووشەممە 2017/11/13ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ناوەڕۆکی کۆبوونەوە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەی خستەڕوو.

سەرەتا لە وتەیەکدا گوتی: هەروەک ئاگادارن دوێنێ شەو بوومەلەرزەیەک بە هێزی 7.3 پلە هەڵەبجە و دەربەندیخان و هەموو هەرێمی کوردستانی گرتەوە، لێرەوە سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی کەسوکاری هەموو قوربانیانی ئەو کارەساتە دەکەم و هیوای چاکبوونەوەش بۆ برینداران دەخوازم. ئێمە هەر لە دوێنێ شەووە پەیوەندیی تەلەفۆنیمان لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت و قایمەقامی دەربەندیخان و بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان کردووە و لەسەر هێڵ بووین لەگەڵیان. بەپێی ئەو ئامارەی بەدەستمان گەیشتووە و ئەو ڕاپۆرتانەی ئەمڕۆ هەمانە، تا ئێستا 7 کەس شەهید بوون و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون و هەندێکی دیکەش تووشی شۆک بوون. ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری ئەوەمان هەیە لیژنەیەک بنێرین بۆ ئەو سنوورانە تاکو دۆخەکە هەڵسەنگێنێت، ئەوەی بۆمان بکرێ لەو کارەساتەی کە بەسەر خەڵکدا هاتووە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان درێغی ناکات. هەر لە دوێنێ شەووە و لە کاتی ڕوودانی ئەو کارەساتە، بە سوپاسەوە نووسینگەی بەڕێز سەرۆک کۆماری تورکیا و بەڕێز کونسوڵەکەیان لە هەولێر و وەزارەتی دەرەوەیان پەیوەندییان پێوە کردووین و دەستبەجێ هاوکارییان ناردووە. دوێنێ شەو لە ڕێگەی خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیلەوە هاوکارییان ناردووە و فڕۆکەیەکیشیان بۆ سلێمانی ناردووە تاکو هاوکاری خەڵکە لێقەوماوەکە بکەن.

هەروەها گوتی: دەمەوێ لێرەوە سوپاسی خۆم ئاراستەی دەزگای (ئافاد)ی تورکی و نووسینگەی بەڕێز سەرۆک کۆمار و جەنابی سەرۆک کۆماری تورکیا بکەم، هەر ئەوە لەوان چاوەڕوان دەکرێت کە لە ڕۆژە سەختەکاندا یارمەتیی هەرێمی کوردستانیان داوە و بە سوپاسەوە ئەمجارە هەر لە ساتە سەرەتاییەکانی دروستبوونی ئەو ڕووداوەوە دەستبەجێ بڕیاری خۆیان بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی لێقەوماوان جێبەجێ کرد. دەمەوێ سوپاسی دەزگاکانی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان بکەم کە لە دوێنێ شەووە پۆلیس، ئاسایش، فریاکەوتن و هەموو دەزگاکانی دیکە بەیەکەوە بەرەو شوێنە لێقەوماوەکان چوون و دەستیان بە خزمەتکردنی هاووڵاتیانی لێقەوماوی هەرێمی کوردستان کردووە.

لە بەردەوامیی وتەکەیدا بەڕێزیان تیشکی خستە سەر ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای بودجەی عێراق و ڕایگەیاند "حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێبینییەکانی خۆی لەسەر ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای بودجەی عێراق بۆ بەڕێز سەرۆک وەزیرانی عێراق ناردووە و ئەو شوێنانەی کە پێمان وابووە کێشەن بۆ بابەتی بودجە و یاسایی و دەستووری نین، هەموومان خستۆتە ڕوو و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانمان دووپات کردۆتەوە بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە پێشتر هەمانبووە کە لە سەدا حەڤدەیە و بە فەرمی بۆمان ناردوون و تا ئێستا وەڵاممان وەرنەگرتۆتەوە".

سەبارەت بە کەمکردنەوەی بەشە دەرمانی هەرێمی کوردستانیش، بەڕێزیان گوتی: بەداخەوە تا ڕادەیەک لە ناردنی دەرمان بۆ هەرێمی کوردستان کێشە دروست بووە کە ئەمە شتێکە یەکجار زۆر پێویستە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە خۆتان دەزانن جگە لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، نزیکەی ملیۆنێک و چوارسەد تا پێنجسەد هەزار ئاوارە و پەنابەری سووریا لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە نەناردنی دەرمان کێشەکان بۆ هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات.

سەبارەت بە کێشەکان لە ڕووی سەربازییەوە بەڕێزیان ڕایگەیاند: لە ڕووی سەبازییەوە تا ئێستا هیچ جموجوڵێکی سەربازی لە هێڵی بەریەککەوتن نییە و وەک هەرێمی کوردستان پێشتر گوتوومانە و جەختیش دەکەینەوە کە دیالۆگێکی ڕێکوپێک لەسەر بنەمای دەستووری عێراق بە چارەسەر بۆ هەموو ئەو کێشانە دەزانین کە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەن.

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی پەیامی هەرێمی کوردستان بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ بەغدا و وەڵامی بەغدا بۆ ئەو داوایەی هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆک وەزیران ئاشکرای کرد: تا ئێستا وەڵامی ئەو داوایەی ئێمەیان نەداوەتەوە، هەڵوێستی ئێمە هەر ئەوەیە و دووپاتیشی دەکەینەوە کە پێویستە لەسەر بنەمای دەستووری عێراق کێشەکان چارەسەر بکرێن.

سەبارەت بە سەردانی شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لای لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و وادەی ئەو سەردانە و دابینکردنی سووتەمەنی بۆ هاووڵاتیان بۆ وەرزی زستان، بەڕێزیان گوتی: بەهۆی ئەوەی سەرکردەکانی هەندێک لە لایەنە سیاسییەکان لێرە نەبوون، بۆیە سەردانەکە دواخرا، لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران بەڕێز قوباد تاڵەبانی بڕیارمان داوە لەگەڵ گەڕانەوانەی ئەو سەرکردانە دەست بە سەردانی لایەنە سیاسییەکان بکەین و دواتر دۆخەکە هەڵدەسەنگێنین کە چۆن بەیەکەوە کار بکەین و هەوڵیش دەدەین دوا وادەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دیاری بکەین. دەربارەی دابینکردنی سووتەمەنی، ئیمکانیاتی ئێمە سنووردارە لەم ڕووەوە و لە هەوڵەکانیشمان بەردەوام دەبین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

دەربارەی پرسی سەردانی شاندی حکوومەت بۆ لای بزووتنەوەی گۆڕان و وەرگرتنی خاڵە ئەرێنییەکانی پاکێجەکەیان و دانەوەی قەرزی دانە غاز لەلایەن کۆمپانیای ڕۆسنەفتەوە، بەڕێز سەرۆک وەزیران گوتی: نازانم پاکێجی گۆڕان چییە و نەمدیوە، حکوومەتی ئێستا خۆی کاتییە، هەشت مانگ ماوەی کاری پەرلەمان درێژکراوەتەوە و دەبێت لەو ماوەیەدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و هەر بۆچوونێک و دیدگایەک کە بتوانێت یارمەتیی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بدات، لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین و ئامادەین گوێ لە هەموو بیروبۆچوونەکان بگرین. بڕیار وایە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی گۆڕان بکرێت و ئەگەر پەیوەندیش نەکرابێت، ئەوا پەیوەندییان لەگەڵ دەکرێتەوە و وەکو دوو حزب لەگەڵ یەکتری دادەنیشن. سەبارەت بە بابەتی دانا غاز، ئێمە کێشەیەکمان لەگەڵ دانا غاز هەبوو و لە لەندەن چوو بۆ دادگا و دواتر لەگەڵیان ڕێککەوتین و کێشەکان چارەسەر کرا و بێگومان کۆمپانیای ڕۆسنەفتیش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لەگەڵ دانا غاز، یارمەتیدەر بوو.

لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا دەربارەی بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق کە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی بە نادەستووری ناساندووە و پڕۆژەیاسای کۆنگرێسی ئەمەریکا بۆ تەرخانکردنی بودجەیەک بۆ هێزی پێشمەرگە و ناونەهاتنی پێشمەرگە لە پڕۆژەیاسای بودجەی عێراق و دوا زانیاری لەسەر ڕەوشی بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڕێزیان گوتی: زۆر بە وردی ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیمان تاوتوێ کردووە و لەم نزیکانە وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆچوونی خۆمان بە فەرمی لەسەر ئەو بابەتە دەردەبڕین. ئێمە پێشتر ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا هەیە کە ئەوان هەندێک یارمەتییان بە پێشمەرگە داوە و ئەو گرێبەستەی کە کراوە تەواو بووە و ئێستا خەریکین ئەو گرێبەستەیان لەگەڵ نوێ بکەینەوە بۆ یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە و بە سوپاسەوە لە کۆنگرێسی ئەمەریکاش ئەوە ڕەچاو کراوە. بێگومان پێشمەرگە وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگریی عێراق پێویستی بەو هاوکارییە هەیە بەتایبەتی لە پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا. بە بیستنی هەواڵی نەخۆشکەوتنی کاک کۆسرەت زۆر نیگەران و خەمبار بووین و ڕۆژانە لەسەر خەتین لەگەڵ پزیشکەکانی و کاک دەربازی کوڕی، ئەوەی ئەمڕۆ پێمان گەیشتووە سوپاس بۆ خوا تەندروستی بەڕێزیان بەرەو جێگیربوون و باشتربوون دەڕوات و هیوادارین بە خێر و خۆشی باری تەندروستیی ئاسایی ببێتەوە و دەست بە کارەکانی خۆی بکاتەوە.

سەبارەت بە تواناکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی مووچە ئەگەر حکوومەتی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان وەک خۆی نەنێرێت و دەنگۆی ئەوەی کە بەڕێزیان بە سەرۆکایەتیی شاندێک سەردانی بەغدا بکەن، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند: پڕۆژەیاسای بودجەی عێراق تا ئێستا هەر ڕەشنووسە و خراپترین ڕەشنووسی پڕۆژەیاسای بودجەی عێراقە و ئەو تەعریف و دەستەواژانەی لەناویاندا بەکار هاتوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتییە، لەم ڕووەوە هەڵوێستی ئێمە ڕوون و ئاشکرایە کە ئێمە دەستوورێکمان هەیە و پێناسەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و هەڵوێستی پارێزگاکانی هەرێمیش زۆر ڕوون بووە کە لەگەڵ هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یەک دەنگن و دووپاتی دەکەنەوە کە پێویستە ئەو قەوارەیە بپارێزرێت .ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ بەغدا بگەینە ڕێککەوتنێک، ئەوەی کە لە یاسای بوجەی عێراقدا هاتووە و ئەوەی کە دایاناوە و ئەو زوڵمەی لە هەرێمی کوردستانیان کردووە، بەشی مووچەی مووچەخۆرانی یەک پارێزگاش ناکات، پێشتر گوتوومە و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە، ئەگەر بەغدا بە ڕاستی ئامادە بێ و مەبەستی ئەوە بێت مووچە بدات، سیستمێکی بایۆمەتریی زۆر ڕێکوپێکمان هەیە و هەرچی مووچەخۆرانی کوردستان هەیە لەو سیستەمەدا جێگیر کراون، گەر بەغدا بیەوێت مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بدات، بە خۆشحاڵییەوە قبووڵی دەکەین و دەشمانەوێت ئەوە بکرێت، بەڵام بەغدا ئێستا دوولایەنە کار دەکات، لەلایەکەوە دەیەوێت بە خەڵک بڵێت مووچەتان بۆ دابین دەکەم کە نایکات و ڕاست نییە، لەلایەکی دیکەشەوە پڕۆژەیاسای بودجەیەک دەنێرێت بۆ پەرلەمان کە نەک تەنها ناتوانێت مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، بەڵکو دەیەوێت بە بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش کە بەپێی دەستوور دانپێدانراوە، تێکی بدات و ئەمە ڕوونە کە نایەوێت ئەم شتە جێبەجی بکات، ئەگەرنا ئێمە وەکو حکوومەتی هەرێمی کوردستان دیسان دەیڵێینەوە ئامادەین و بایۆمەتریمان کردووە و بابێن وردبینی لە ناوەکانیشدا بکەن و ئامادە بن ئەوە جێبەجێ بکەن.

سەبارەت بە چوونی شاندێکی حکوومەتی هەرێم بۆ بەغدا، نەخێر تا ئێستا وادەیەک بۆ چوونی ئەو شاندە دیاری نەکراوە، بەڵام هەڵوێستی ئێمە ئەوەیە کە دەبێت کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێن و ئامادەین وەک هەرێمی کوردستان گفتوگۆیەکی بونیاتنەرانە و ڕێکوپێک دروست بکەین و لەگەڵ بەغدا بکەوینە گفتوگۆیەکی زۆر زۆر جددی بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە هەیە و لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەریان بکەین، ئەم خواستە لای ئێمە هەیە ئەگەر لایەنی بەرامبەر ئەو خواستەی هەبێت.

دەربارەی دەنگۆی هەوڵی سەردانیان بۆ تورکیا و هاوکارییەکانی حکوومەتی عێراق بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزە و سەردانی تیمە تەکنیکییەکانی هەرێم بۆ بەغدا و دەنگۆی پێدانی ملیارێک دۆلار لەلایەن ڕۆسنەفتەوە بە هەرێمی کوردستان و بەردەوامیی دابەشکردنی مووچە لە مانگەکانی داهاتوودا، بەڕێزیان گوتی: مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان هی ئەو مانگە و مانگێکی دیکەش دابەش دەکرێت و ئێستا ئەگەر هی ئەو مانگە تەواو بوو دەست بە دابەشکردنی مووچەی مانگێکی دیکەش دەکەین. ئایا ڕۆسنەفت ملیارێک دۆلاری بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوە؟ نەخێر شتی وا نەبووە، بەڵکو بەپێی ڕێککەوتنێک کە پێشتر ئێمە لەگەڵ ئەوان هەمانبووە هەندێک پارەی بە هەرێمی کوردستان داوە و هیچ پارەیەکی دیکەی بە هەرێمی کوردستان نەداوە. سەبارەت بە بابەتی تورکیا، تورکیا دراوسێی ئێمەیە، هەوڵەکانمان هەمیشە وابووە کە خواستمان بووە سەردانی وڵاتانی دراوسێ بکەین و پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵیان هەبێت، بێگومان ئەگەر ئەو زەمینەیە برەخسێ بۆ سەردانی تورکیا، ئێمە پێمانخۆش دەبێت و ئامادەین سەردانی تورکیا بکەین، بەڵام هیچ هەوڵێکی وا نییە کە بڵێیت شکستی هێناوە بەو شێوەیەی کە جەنابت باسی دەکەی، پێمانخۆشە سەردان بکەین و ئەگەر بکرێت دەچین. سەبارەت بە هاوکارییەکانی بەغدا بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزە، بەڕێز وەزیری تەندروستیی عێراق پەیوەندی بە بەڕێز وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستانەوە کردووە و داوای لیستی بریندار و زیانەکانی کردووە و هاوکارییەکانی بەغدا هەر ئەوەندە و لەو چوارچێوەیەدا بووە. پێویستە کێشەکان لە نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر بنەمای دەستووری عێراق چارەسەر بکرێن، کە باسی سەردانی تیمی تەکنیکی دەکرێت، ئەو تیمانەن کە شارەزاییان هەیە و پێویستیمان بە تیمی یاسایی و دارایی هەیە و ئەمانەن کە دەبێت گفتوگۆی جددی لەگەل هاوبەشەکانیان لە بەغدا بکەن.

سەبارەت بە دەنگۆی سەردانی شاندێکی حکوومەتی عێراق بۆ وردبینیکردنی لیستی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بۆ هەولێر و بوونی بندیوار لە سیستەمی بایۆمەتریدا و داخستنی سەرجەم خاڵە سنوورییەکان لەلایەن ئێرانەوە و کردنەوەی تەنیا خاڵی سنووری باشماخ، بەڕێزیان ئاشکرای کرد: سەبارەت بە بوونی بندیوار لە لیستی بایۆمەتریدا، ئەمەیان وا نییە و ئێستا وردبینی لە ناوەکانی ناو ئەو سیستەمە دەکرێت. سیستەمی بایۆمەتری پڕۆژەیەکی چاکسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و بەردەوام وردبینی لە ناوەکاندا دەکرێت، من ناتوانم ژمارەی کۆتایی بڵێم، چونکە تا ئێستا دیار نییە، بەڵام پڕۆژەیەکی وردبینی دەستپێکراوە و ئەو ناوانەی زیادەن یان کەمن دیاری دەکرێن. ژمارەیەک لەسەر خانەنشینان بڵاو کرایەوە کە هیچ بنەمایەکی بۆ نییە کە گوایە ئێمە200 هەزار خانەنشینی بندیوارمان هەیە، هەموو خانەنشینانی کوردستان240 هەزار کەسن و لەوە تێناپەڕێت، هیچ شاندێکی بەغداش بۆ وردبینی لێرە نین.

سەبارەت بە کردنەوەی دەروازەکانیش دەبێت ئەو پرسیارە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەن کە ئێستا تاکە دەروازەی کە کراوەتەوە دەروازەی سنووری باشماخە، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییانەی خۆم لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمە، ئەوان بە شێوەیەکی مەبدەئی ڕەزامەندییان دەربڕیوە خاڵە سنوورییەکانی دیکەش بکەنەوە و ئێمە چاوەڕێی ئەوەین دەروازەکان بکرێنەوە، چونکە پێمان وایە کردنەوەیان لە بەرژەوەندیی خودی ئێران و هەرێمی کوردستاندایە و چاوەڕێی بڕیاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانین و لەسەر هێڵین و بەردەوام پەیوەندیمان هەیە لەگەڵیان بۆ کردنەوەی دەروازەکان و هیوادارین لە ماوەیەکی کورتدا بکرێنەوە.

دەربارەی هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ لێک نزیککردنەوەی هەولێر و بەغدا و گۆڕانی هەڵوێستی حکوومەتی بەغدا سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و چالاککردنەوەی نووسینگەی هەماهەنگیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا و بێدەنگیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکوومەتی هەرێم سەبارەت بە بڕیارەکانی بەغدا بۆ قەدەغەکردنی کار و چالاکیی چەند دەزگایەکی میدیایی، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی گوتی: سەبارەت بە هەڵوێستی بەغدا کە ڕایانگەیاندوە مامەڵە لەگەڵ قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەوە مافێکی دەستووریی ئێمەیە و دەستووری عێراق بەو شێوەیە پێناسەی هەرێمی کوردستانی کردووە و مامەڵەکردن لەگەڵ پارێزگاکان کارێکی دەستووری نییە و سیاسەتە ڕاست و دروستەکەش ئەوەیە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەو کارانەی ئێستا ئەوان دەیکەن، سێ نموونەتان بۆ دەهێنمەوە کە پێچەوانەی ئەو قسانەن. یەکەمیان لە ڕەشنووسی یاسای بودجەی عێراقدا و ئەو دەستەواژەی کە بەکار هاتووە پێچەوانەی ئەمەیە.